# شێتخانەو دەسەڵاتی مۆدێرنیتی

## نیهاد جامی

مۆدێرنیتی سڕینەوەی ڕابردووە..سەپاندنی دەسەلاتێکی تازەیە,دەسەلاتێك تەنیا دان بەبوونی خۆی دەنێت, بۆئەوەی پایەکانی خۆی پتەوبکات, ئەوەش لەسەرقوربانیدان بەهەموونەوانەی لەپێشووداهەبوون, بۆئەوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی وەدەست بێنێت, ئەوەش ئەوەمان بۆ سانا دەکات کەمۆدێرنیتی چەندە مژدەیە بۆئاسۆیەکی ڕونن هێندەش گوناهبارە,چونکە دەبێتەهۆی کوشتنی خەونی پەریزادەکان, بەوەی تاکێتی بونیادەکانی خۆی لەسەرئەوبنەمایەپتەو دەکات,کەکەسی بەرامبەری قبوڵ نییە, بۆیەقەبوڵ کردنی لەسەربنەمای عەقڵە, عەقڵ لەمۆدێرنیتیدا یەکێکە لەگەورەترین حیکایەتەکان,ئەوەش بووەهۆی ئەوەی کەشێتەکان لەکۆمەڵگا جیابکاتەوە, بەوبیانووەی کەئەوەی گۆڕان لەکۆمەڵگادرووست دەکات ئەوە عاقڵەکانن, ئەوەش عەقلانیەتی مۆدێرنیتی بوو, کەهەمووتواناکان بۆئیرادەی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە, توانایەك نیتچە پێی وابوو"مرۆڤ دوای ئەوەی توانی خودا بکوژێت تواناکانی خۆشی لەدەست داوە"(1)

ئەگەرمۆدێرنیتی خودوعەقلی بەرەوپێش هێنا, بەلاّم لەشێوەیەکی دی بەهای لەمرۆڤ وەرگرتەوە, بەوەی ئیدیی مرۆڤ ئەو بوونەوەرەبەنرخە نییە, بەڵکولەسەربنەمای عەقلیەتی مۆدێرنیتیەوە مرۆڤ نرخی خۆی دادەنێ, بەوەش عەقڵ وعاقڵ دەبوونەئایدیۆلۆژیای مۆدێرنیتی, بۆیە فۆکۆبەکتێبی "مێژووی شێتی لەسەردەمی کلاسیکدا"کەوتەدژایەتی مۆدێرنیتی بەوەی عەقڵ دەمامکێکی ڕووی دەسەلاتی مۆدێرنیتیەکەتوانای نییەلەخودییەت وهزری بالاّ ڕزگاری بێت, دەیویست شێوەی بەکارهێنانی عەقڵ وئەوڕەهەندانە بدۆزێتەوەکەلەشوێنێك عەقڵ لەکاردەخات, ئەوەش پەیوەندیەکی درووست کراوی دەسەلاتەبەعەقڵ, بەوەی شێت لەژیانی کۆمەلاّیەتی دووردەخاتەوە,کۆکردنەوەی شێت لەناودامەزراوێك ڕێگەگرتنە لەئازادی بەواتای لەدەرەوەی جیهانی عەقڵ شورەیەك هەیە جیایان دەکاتەوە, ئەویش دیلکردنیانە..بەتاوانی لەدەستدانی عەقڵ..تاوانێك ئەولێی بەرپرسیارنییە, کەچی مۆدێرنیتی ئەوەبەتۆڵەیەك دەزانێت, چونکەشێت بەکائینێکی دڕندەوزیانبەخش ناودەبات.(2)

بۆیەمۆدێرنیتی ئەوەی عاقڵ نەبێت وشێت بێت بەگوناهباری دەزانێت,گوناهباریش بەلای مۆدێرنیتی دەبێ بخرێتە زیندانەوە, ئەگەرچی شێتی نەخۆشیەکی جەستەیی نییە تالێیەوەکۆمەلگا تووشی بێت, وەك"لەسەدەکانی ناوەڕەستدائەوە(گوڵ)ەکان بوون کەلەکۆمەڵگاوشارەکان دەردەکران, هۆی دەرکردنی گولەکانیش بریتی بوولە(ترس لەنەخۆشی ومردن)بەلاّم شێتەکان لەپاڵ ئەوانی دیکەدا دەژیان"(3)

بۆیە قبوڵ نەکردنی شێتەکان بەردەوام وای لەفۆکۆ دەکردئەوگوتەیەی باسکال بێنێتەوە یاد"شێتەکان بەڕادەیەك شێتن, کەئەگەر بێت ومرۆڤ وابزانێت کەشێت نییە, ئەوا بەجۆرێکی دی شێتە"(4)

بەواتای ئەونەخۆشخانەیەی کەبۆشێتەکان دەکرێتەوە, تاتیایدا زیندانیان بکەن, بۆخۆی شێتیەکی دیکەیە, چونکە مۆدێرنیتی دەسەلاّتی ئەوان دەکات بەهۆزێك کەهۆزی شێتەکانن, هۆزێك هەر شێوەی هیندیەسوورەکانمان بیر دێنێتەوە,. جیاکردنەوەیان لەعاقڵ بۆدڵنیابوونە.. ئارامیەکەبۆعەقڵ لەدڕندەیی شێت, ئەوەبەپێی بۆچوونی مۆدێرنیتی, کەلەبەرامبەرئەوەشدا فۆکۆ پێی وایەشێت لەوکاتەدا کەجیادەکرێتەوە,مۆدێرنیتی گۆشەگیریی بنیات دەنێت,کەشێت لەناو ئەو گۆشەگیریەدابۆی هەیەمومارەسەی ژیانی خۆی بکات, بەوەی بێمانایی ببەخشێت بەلۆژیکی شێت ولۆژیکێکی عەقلاّنیش بداتەوەبە عەقڵ, ئەوەش هاتن وڕێکخستنی دەسەلاّت بوو, کەبابەك ئەحمەدی ئەوکارە درووست بوونی نەخۆشخانەبەشێوازێکی دی مەعریفەودەسەلاّت دەزانێ کە"پزیشکی یاسایی"دێنێت, ئەوەش بەدووبارەکردنەوەی بونیادەکانی دەسەلاّت سەیردەکات, ئەوکارەش بەپتەوکردنی دەزگاکان ناودەبات"دەزگایەك درووست دەکرێت بۆئەوەی دەزگایەکی دی بەهێزبێت, بەهۆی سۆزانیخانەوە بنەمای خێزان وبەهۆی شێتخانەوەبنەمای عەقڵخوازی پتەو دەکەن وعەقڵخوازی دەبێت بەبنەمای کارکردنی ئەو دەزگایانەی کەسەرەتاوادەردەکەون کەچ پەیوەندیەکیان بەشێتخانەوە نییە"(5)

بۆیەدامەزراندنیبۆپتەوکردنیپەیوەندیەکانیهێزە,مۆدێرنیتیبەوکارە ئەوەیسەلماندکەنایەوێ شێتی لەناو پڕۆژەکەیئەودا بێت, بەواتای جگەلەعەقڵ هیچی دی قبووڵ نییە, مرۆڤ ئەو بوونەوەرەبەنرخەنییە بەڵکومرۆڤ لەبونیادێکی فیزیکیوسەراپاگیریی دەگوازێتەوەبۆشێتوعاقڵ, ئەوبەهایەش دەدات بەعەقڵ,ئەوەلەکلتێکدا شێتیلای شکسپیر پلەیەکەلەئاگاییەوە"لیدیی ماکبێسوشالیر"لەکاتیشێتی حەقیقەت دەڵێن, ئەوەش بەلای (جاك لاکان)ەوەخەسڵەتێکی مرۆییانەیە,چونکەبەبێشێتی توانایناسینمان نابێت, بۆیە شێتی بەلای لاکان شوناسێکەبۆناسینی مرۆڤ, بەڵام مۆدێرنیتی چونکەمرۆڤ بەکائینێکیعاقڵ دەزانێت, ئەوالەشێتی دەریدەکات.

دەرکردنێك کەترسیلێی هەیە, ئەوترسەش فۆکۆبەوەناودەبات کەشێت لەتوانای هەیە درك بەهەموو ئەوشتانەبکات کەکەسی عاقڵ لێی شاراوەیە, بۆیەشێت پلەیەکەلەسەر ئاگایی, کەواتە چەمکیجینالۆژیای شێتی لەناوپۆتۆپیادا حەشاردراوە, ئەوەش بەبەرکردنی سرووتێکی فانتازیە بەڕووداوەکان, کەلەودیوو سرووتێکی فانتازیانە پرسیارئامادەگی هەیە, پرسیارێك کەعاقڵەکان درکیپێ ناکەن, بۆیەبوونیفۆکۆترسێك ڕووبەرووی ئەوکایەمەعریفیە دەکاتەوە,پرسیاری ئەوەی کێ لەمیشیل فۆکۆ دەترسێ؟(6)

ئەوەش ترسی ئەوانەیە کەهەست دەکەن بوونی فۆکۆ گۆڕینی بونیادە چەسپیوەکانە گۆڕینی مەعریفەی باوە, ترسێکەبۆهەڵگرانیئەومەعریفەکۆنە,ئەوەش دامالینی دەمامکەلەڕووی مەعریفەی مۆدێرنیتی, ئەوکارەش وایلەیەکێك لەمیراتگرەکانیمۆدێرنیتیکرد هێرشێکی توند بکاتە سەرفۆکۆئەویش"هابرماس"بوو,کەشێتی بەکارێك ناوبرد عەقڵی خۆرئاوائیدراکی پێکردووە,کاری فۆکۆشی بەئینتیماوگەڕانەوەیەك بۆڕابردووناوبردەوە, بەتایبەت بۆ"باتای, فرۆید, نیتچە, شۆپنهاوەر"(7)

ئەوەسەرەڕای ئەوەی ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی چەمکی دەسەڵات لای فۆکۆ دەکاتونووسینەکانیدواتریشیبەپاشگەزبوونەوەی ووتارەکانی پێشووی دەبینێت, تەنانەت کتێبی"چاودێرییوسزا"بەپاکانەبۆنووسینەکانیپێشووەیسەیردەکات.

ئەگەرچی ئەوکارەی هابرماس دەیەوێ وێنەی بێگوناهی مۆدێرنیتیدەربخات,کەکارێکەدامەزراوەکانیمۆدێرنیتیداکۆکی لێ دەکەن, ئەوەش بۆتەهۆی ئەوەیکەبپرسین: ئایالەنێوان دیدی فەلسەفی هابرماسوپڕۆژەکانیمۆدێرنیتی ئەودووفاقیەتە لەکوێوەسەری هەڵداوە؟ هابرماس بۆچی دەیەوێ لەبابەتە سەرەکیەکەدوورمان بخاتەوەو جارێکیتر بەخودی نووسینەکانیفۆکۆوە خەریکمان بکات؟ بەوەیفۆکۆ نەیتوانیوەلەسەرچەمکی ئەرکیۆلۆژیای دەقەکانینیچەوفرۆید دەقی نوێ بەرهەم بێنێت, بەڵکوبۆچوونەکانیئەوانیدووبارەکردۆتەوە, بۆیە ئەوڕەخنانەی هابرماس لەبۆچوونەکانی فۆکۆ کارێکی تازە نییە, فۆکۆ ووتەنی" دەروون پزیشکەکان بەسەرۆکایەتیمارکسیستەکان لەکۆنفراسێکدا لەشاری تۆلۆز لەدەوری یەك کۆبوونەوەوبەدەهۆڵ کوتان, منیان بەئایدیۆلۆگی بۆرژواولەم بابەتانە تاوانبارکردودادگایەکیان لەدەروون پزیشکەکان پێکهێنا بۆمەحکوم کردنی ئەم کتێبە"(8)

بۆیە مۆدێرنیتی هەرگیز توانای ئەوەینییەگوناهباری خۆی لەبەرامبەر شێتی بسڕێتەوە, ئەوەش پەیوەندیی دەسەڵاتە بەبونیادەکانەوە, ئەوبونیادانەیدەسەڵات کۆنترۆڵی دەکات, بۆئەوەی چاوەکانیخۆیلەئاستیدا دابخات, دەسەڵات لەئاستیتاکایەتیەوە مەبەستیبوودیاردەکانی لەجۆری شێتی ڕابگرێت, وەك زاڵبوونی فەلسەفەی مارکسیزم بەسەرکۆمەڵگاوە لەکاتیدەرکردنی ئەو کتێبە فۆکۆ بەوەتاوانبارکراکە ئایدیۆلۆژیستێکی بۆرژوازیە, دیارەئەوکارەش پەیوەندیی بونیادەکانی دەسەڵات دەکاتەوەبەپتەوکردنیکۆنترۆڵی ئەو پەیوەندیە, ئەوەتەلەودیدارەی (بۆنسن) لەگەڵ فۆکۆسازی کردووەو دوای مەرگی بلاویکردۆتەوە,فەیلەسوفی مێژووی شێتی دەڵێت: " کۆمۆنیسترین دەروون پزیشکی فەرەنسایی لەدەهەی 1950داچووبووەوەمۆسکۆدیبووی‌کەلەوێ چۆن لەگەڵ نەخۆشیەدەروونیەکاندا ڕەفتاردەکەن, بەڵام کەگەڕایەوەدوولێوەینەکردبۆوە, تەنانەت یەك ووشەیش, نەك لەبەرئەوەیکەترسنۆك بێت, بەڵکوبەڕای من لەبەرئەوەی

کەکەرامەتی ڕێی پێنەدەدا, چونکە زەبرێکی وای لێ کەوتبووکەنەیدەویست هیچ بلێوەهەتاچەندساڵ دواتریش کەمرد, هیچ شتێکی سەبارەت بەوەی کەدیبووی نەگووت"(9)

بەڵام ئەوەیکەسانێك ناچارناکات ڕاستیەکان بڵێن ترسە لەدەسەڵات, چونکە ئەوکەرامەت چوونەیفۆکۆ لەترس جیای دەکاتەوە, بۆخۆی لەبونیادیووشەکە ترسێکی دیکەی هەڵگرتووە بۆشاردنەوەیحەقیقەت, حەقیقەتێك کەفۆکۆ بەجۆرێکی دەسەڵات تەماشای دەکات, بۆیەحەقیقەتی شێتی دەسەڵاتێکەدەسەڵاتی بەرامبەر "مۆدێرنیتی"سەرکوتیکردۆتەوە,دوان لەشێتیش دوانە لەحەقیقەتی ئەو دەسەڵاتە, ئەودەسەڵاتەی مۆدێرنیتی لەباڵا دەستی عەقڵانیەتی خۆی دەیەوێ دانیپیا نەنێتوبیسڕێتەوەوبەتاوانباری بزانێت, هەربەوتاوانەش دەسگیریدەکات, تاسیستمەکەی ئەولەشێتی بەدووربێت,بۆیە دەبێ بپرسین:ئایامۆدێرنیتی بەدەرکردنیشێت هەموو خەسڵەتە مرۆییەکان لەکۆمەڵگا ناسەنێتەوە؟ کۆمەڵگایەك بەئاگابێتوقسەلەمەدەنی بوون بکات یانی چی نەتوانیشێتەکان قبوولْ بکات؟ ئەوەش ئەوپرسیارانەن کەفۆکۆیان دەخستەبیرکردنەوە, بیرکردنەوەیەك عەقڵی خۆرئاوای خستەژێر ڕەخنەوە, ڕەخنەیەك هەموو دامەزراوەکان کەشوێنێك لەدەسەڵات بەڕێوەدەبەن, بکەونەبەردەم مەترسی گەورەتر, مەترسیەك دیسان گومان لەئایندەیخۆشنوودیی مرۆڤی خۆرئاوایی بکەن.

پەراوێزوسەرچاوەکان:

(1)زانینودەسەڵات/بابەك ئەحمەدی

وەرگێرانی: ڕێبین هەردی, سەردەم ژمارە(2)نیسانی 1999

(2)میشیل فوکومسیرە فلسفیە/اوبیردریفوس_بول رابینوف

ترجمە:جورج ابی صالح, مرکز الانماو القومی(بیروت)

(3)زانینودەسەڵات/بابەك ئەحمەدی(هەمان سەرچاوەیپێشوو)

(4)کێ لەمیشیل فۆکۆ دەترسێت؟/محمد الراویی

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی, ئێستا ژمارە 4

(5)زانینودەسەڵات/هەمان سەرچاوە

(6)نووسەری عەرەب(محمد الراوی)ئەوپرسیارەیکردووەبەناونیشانی ووتارەکەی بەمەبەستیتێگەیشتن لەوترسەی ئەوانەی لەفۆکۆ دەترسێن کەئایا ئەوەداهێنەروشێتەکانن, یاخودفەیلەسووفودەروناسەکان بوون؟ کەبۆوەڵام بەپرسیارەکەش پێی وابوو ئەوانیدواتر بوو هەڵگری ئەوترسە بون.

(7)القول الفلسفی للحداپە/هابرماس

ترجمە:د.فاگمە الجیوشی, دراسات فلسفیە, وزارە الپقافە(دمشق)1995

(8)چاوپێکەوتنێك لەگەڵ فۆکۆ دا

گەلاوێژی نوێ ژمارە(14)ی1999

(9)هەمان سەرچاوە